لەنێوان کاتژمێر 8:30 بۆ 9:30ـی ئەمشەو کوردستان تاریک دەبێت و هیچ گڵۆپێک پێناکرێت



لەنێوان کاتژمێر 8:30 بۆ 9:30ـی ئەمشەو کوردستان تاریک دەبێت و هیچ گڵۆپێک پێناکرێت.

دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێم ئەمڕۆ شەممە بڵاویکردەوە، ئەمڕۆ چالاکی کاتژمێری زەوی بەڕێوەدەچێت کە چالاکییەکی جیهانییە و بە بەشداریی زیاتر لە 170 وڵات، لەکاتژمێر هەشت و نیوی شەو ئەنجامدەدرێت

ئەمساڵ پڕۆسەکە لە هەولێر و سلێمانی ئەنجامدەدرێت، تێیدا تەواوی گڵۆپ و ڕووناککەرەوەکان بۆ ماوەی یەك کاتژمێر دەکوژێنرێنەوە.

بۆ یەکەمجار ئەو چالاکییە لە ساڵی 2007 لە شاری سیدنی وڵاتی ئوسترالیا بەڕێوەچوو، بەڵام ئێستا لەزیاتر لە حەوت هەزار شار لە 172 وڵاتی جیهان بەڕێوە دەچێت، مەبەست لەو چالاکییە، دروستکردنی پردی پەیوەندی لەنێوان مرۆڤ و ژینگەکەیەتی لە دونیادا، بۆ ئەوەی ببێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ژینگەیی تاکەکانی کۆمەڵگە و پاراستنی زەوی.